# زمانی ناو یاریگای تۆپی پێ

**پ.ی. د. صباح ڕەشید قادر**

**زانکۆی ڕاپەڕین**

**یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی**

**م. ڕێژنە معروف حسین**

**زانکۆی ڕاپەڕین**

**فەکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەشی کوردی**

**پێشەکی:**

لە سەدەی ڕابردووەوە یاری تۆپی پێ زیاتر لە هەموو یارییەکانی تر بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگییەکی تایبەت و بایەخێکی زۆری پێدراوە، خەڵکانێکی زۆر سەیری دەکەن، ئینجا ڕاستوخۆ لە ناو یاریگاکە یاخود لەماڵان، بازاڕو شوێنە گشتییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینرێت، سەیرکردنی ئەم یارییەش خەریکە دەبێتە بەشێك لە کلتوری کوردی وەك زۆربەی وڵاتان. کەواتە دەتوانین بڵێین، کە بەو ڕێژە زۆرە خەڵکانێك هەبن کاتی خۆیان بە سەیرکردنی بەسەربەرن دەبێت کاریگەری هەبێت لە سەر زمان، لەو ڕێگایەوە چەندین وشە و زاراوە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای بێژەرو یاریزانان و ناوبژیوانانی ناو یاریگا بێتە ناو فەرهەنگی زمان و ڕۆژانە لە کاتی قسەکردن دووبارەیان بکەنەوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بەکارهێنانی زمانی جەستەو ئاماژەکان لە ناو یاریگای تۆپی پێ، چونکە بەکارهێنانی زمان لەناو یاریگای تۆپی پێ تەنیا لە ڕێگەی وشەو زاراوەوە نابێت، بەڵکو زمانی جەستەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەو بوارەدا لە تەوەری دووەمدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری زمانەوانی کارەکییەوە و بەپێی ڕێبازی وەسفی ئەنجام دراوە. سنوری توێژینەوەکە باسکردنی زمانی جەستەی ناو یاریگای تۆپی (پێ)یە. گرنگییەکەی لەوەدایە لە زمانی کوردیدا تا ئێستا توێژینەوە لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی جەستەی ناو یاریگای تۆپی پێ ئەنجام نەدراوە. بەگشتی ئامانجمان دەرخستنی تایبەتی و بەکارهێنانی زمانی جەستەی ناو یاریگای تۆپی (پێ)یە. لە پێشەکی و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووەو لەکۆتایدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، لەتەوەری یەکەمدا سەرەتایەك دەربارەی زمان و پەیوەندیکردن، پاشان پێناسەی پەیوەندیکردنی زمانی و پەیوەندیکردنی نازمانی، جیاوازی نێوان زمانی جەستەو زمانی ئاماژە ( کەڕو لاڵ)، بەکارهێنانی زمانی جەستە بەهۆی ئەندامانی جەستە و بەکارهێنانی زمانی جەستە لەگەڵ هاوکاری ئاماژەکان کراوە. لە تەوەری دووەمدا چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی جەستەو ئاماژەکان لە ناو یاریگای تۆپی پێ و دانانی وێنەکان بەرامبەریان باسکردن و شیکردنەوەیان ئەنجامدراوە.

## تەوەری یەکەم

### ١- زمان و پەیوەندیکردن:

ڕوون و ئاشکرایە زمان فاکتەرێکی بەهێزو پڕ بایەخ و ڕەوڕەوەی بەرەو پێشچوونی شارستانییەتی ژیانی مرۆڤایەتییە. واتە ژیان و شارستانییەت مەحاڵە بەبێ زمان دروست بێت و پێش بکەوێت. نەتەوەو میللەت لە گەشەکردن و گۆڕانی شارستانییەتدا پێویستی بە زمانێك هەیە، ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی پێ دەربڕێت و لە زمانەکەشدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمانەش بە ڕێگەی ( وەرگرتن و داڕشتن و وەرگێڕانە)وە ئەنجام دەدرێت و زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن. یاخود (زمان بریتییە لەو هۆکارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیات ناوەو چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی.)(شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان،٢٠٠٨:٥) واتە ژیان بەبێ زمان نابێت، زمانیش بەبێ ژیان گەشە ناکات و پێشناکەوێت  واتە زمان بە بناغەو بنەمایەکی پتەوی لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دادەنرێت، بووە بە ئاوێنەیەك، کە تێیدا دیاردەکانی ژیان بە وتەکانی زمان ڕەنگەداتەوە. پێویستە بگوترێت زمان وەکو هۆیەکی دەربڕین، بۆ تێگەیشتن و دەربڕینی پێویستییەکانی ژیان هاتۆتە کایەوەو بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە بەشێك لە پلەی وشیاری و چالاکی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا دادەنرێت.( حاتم صالح الضامن،١٩٨٩:٣٢). زمانەوانان پێیان وایە ئەرکی سەرەکی و بنچینەیی زمان پەیوەندیکردنە، هەر پێناسەیەك بۆ زمان بکرێ, دەبێ ئەرکی پەیوەندیکردن لە سەرووی ئەرکەکانی ترەوەی بێت، بوونی ئەم ئەرکەش لەهەموو بەکارهێنانەکانی زماندا هەستی پێدەکرێت تەنانەت، کە تاکە کەسێکیش لەگەڵ خودی خۆی دەدوێ. واتە لەپاڵ بەجێهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەرکی پەیوەندیکردن و گەیاندنیش بەجێدێنێ وەك چۆن "سۆسێر" لەو زمانەوانانەیە کە پێی وایە ئەرکی زمان پەیوەندیکردنە، بەو شێوەیە پێناسەی زمان دەکات ( زمان بریتییە لە سیستەمێکی دیاریکراو لە ئاماژەکان کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و بەکاردێت بۆ گواستنەوەی پەیامە مرۆڤایەتییەکان.(منذر العیاشي ، ٢٠٠٢: ٥٥-٥٦). جگە لەزمان مرۆڤ ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابین کردنی ئەم پەیوەندییە  هەندێك لەم ڕێگایانە لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا بەکاریدێنێ "وەك بزاوتنی دەست و دەم و برۆ..." هەندێکی تریان بەتەنیا خۆیان بەبێ زمان بەکاردێن بۆ پەیوەندیکردن, وەك گڵۆپی هات و چۆی ناوشارەکان (محمد معروف فتاح ٢٠١١:٢٣).

بەکارهێنانی پێکهاتە زمانی و نازمانییە جیاجیاکان بەستراوەتەوە بە ئەرکی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە ئەمەش لە توانستی کۆمەڵایەتیدا هەستی پێ دەکرێ، کە لەم گوتنانەدا دەردەکەوێ، کێ قسە دەکات؟ لەگەڵ کێ قسە دەکات ؟ کەی؟ لە کوێ؟ ڕۆڵی قسەپێکەرانی زمانەکە چییە؟ بۆ چ مەبەستێك قسەدەکەن؟ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، زانیاری هاوبەش ... ئەو چەمکانە ئەوە دەردەخەن، کە چەند یاسای کۆمەڵایەتی هەیە لەپاڵ یاسایی یەکە زمانی و نازمانییەکان بڕیار لەسەر بەکارهێنانی زمان دەدەن لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا (بێری یاسین حسین، ٢٠١٢: ٣٧).  زمانی زیندوو ڕەسەن ئەو زمانەیە، کە توانای جێبەجێکردنی پێویستییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی هەبێت لە وەرگرتنی ئەو زانست و زانیاریانەدا و توانای پێشکەوتن و گەشەکردنی هەبێت، بە پێی کات و سەردەمی جیا جیا لەگەڵ گۆڕاندا بگونجێت و لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا بەکاربهێنرێت. بۆیە ناتوانی بە زمانی سەدەکانی ڕابردوو لە بارەی گیروگرفت و ڕووداو گۆڕانەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بدوێین و پەیوەندی بکەین، چونکە هەموو سەردەمێك زمانێکی خۆی هەیە، کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی. بۆ زمانی زیندووش ئەوەیە بە پێی کات و سەردەمی جیا جیا لەگەڵ گۆڕاندا توانای

وەرگرتنی هەبێت، لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ڕادیۆو تەلەفزیۆندا بەکاربهێنرێت.( جەمیلە ئەحمەد حسەین،٢٠٠٨:٣٤) بۆ نموونە: لەسەردەمی ئەمڕۆدا ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین بە گشتی لە بواری وەرزشداو تایبەتتر لە یاری تۆپی پێدا جۆرێك بەکاردەهێنرێت، کە زۆر ئەکتیڤ و چالاکە لەو بوارەدا بەهۆی ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا ئەم جۆرە یارییە خەڵکانێکی زۆر سەیری دەکەن و بابەتی گفتوگۆی بینەرەکانییەتی بەشێوەیەك لە قسەو ئاخاوتنەکانیان ڕەنگدەداتەوە، پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو ڕەنگە زمانی کوردی لەم بوارەدا ئەم چالاکییەی پێوە دیارنەبێت. هەموو ئەمانەی لەسەرەوە باسکران دەچێتە ناو چوارچێوەی پەیوەندی زمانییەوە یاخود پەیوەندی کردنی گوتەیی (Verbal Communication) و پەیوەندی نازمانییەوە یاخود پەیوەندیکردنی نازمانی ناگوتەیی (Nonverbal Communication).




(شنە ئەبوبەکر ئەحمەد، ٢٠٠١: ٢١)

٢- پەیوەندیکردنی زمانی (گوتەیی) (Verbal Communication):

لە ڕێگەی زمانەوە ڕوو دەدات، ئینجا زمانی قسەو ئاخاوتن یاخود زمانی نووسراو بێت. دەتوانین بڵێین ئەگەر پەیوەندیکردنەکە زارەکی بوو پێویستە نێرەرو وەرگر هەبێت، تاکو پەیامە دەنگییەکە لە دەمی نێرەرەوە بۆ گوێی گوێگر دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندیکرنەکە بەشێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت و کرداری وەرگرتن و تێگەیشتنەکە ڕووبدات. وەکو (گفتووگۆی نێوان دوو هاوڕێ، چاوپێکەوتن، پەیوەندی تەلەفۆنی، کۆڕ و دانیشتنەکان، کۆبوونەوەکان، بەڵام ئەگەر پەیوەندیکردنەکە لە ڕێی نووسینەوە بوو ئەوا هۆکارەکانی گەیاندن زانیاری لەنێوان نێرەرو وەرگر ئاڵوگۆڕ دەکرێ لە ڕێگەی نووسراوەکانەوە، وەکو( بەرهەمی ئەدەبی، ڕاپۆرت، بڵاوکراوەکان...) لەهەردوو شێوەکەدا بۆ گەیاندنی پەیام وشەی گۆکراو یاخود نووسراو و ئاماژەی دەنگی

بەکاردێت، کە بریتین لە کۆمەڵێك ڕەمز، کە دەربڕی هەڵوێستێکن لە پەیوەندیکردندا ئەوانیش لە ڕێگەی پرۆسەی گوتن و بیستنی دەنگە گوتراوەکان و لە ڕێگەی پرۆسەی نوسین و خوێندنەوەی وێنەی دەنگە نووسراوەکان، هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون بەگەیشتنیان بەوەرگر کاریگەری دروست دەکەن و دەبنە هۆی کاردانەوە لەڕێگەی بیستن و بینینەوە دەگەن بەمێشکی وەرگر، مێشك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن پاش تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەیەوێت هەڵوێستی خۆی بنوێنێت، بۆیە ڕوو لە فەرهەنگی مێشك دەکات و پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت لەوشە و ڕستە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەکان ( عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٥: ٥٤). ئەم پرۆسیە پرۆسیەکی ئاڵۆزە، چونکە لەهەردوو باردا پێویستە مێشك ئامادەیی تەواو وەرگرێت. ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە زیاد لەپەیوەندییەکانی دی لەڕووی یاسییەوە جێگەی بایەخە، لەبەڵگەی یاسایی بەپلەی یەکەم پشتی پێدەبەسترێت. تاك لەژیانی ڕۆژانەیدا هەمیشە لەچوارچێوەی ئەم جۆرە پەیوەندییەدایە لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لەهەندێ باردا پشت دەبەستێت بەهەندێ هێماو ئاماژەی ناگوتەیی. (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان،٢٠٠٨:١١)

٣- پەیوەندی کردنی نازمانی (ناگوتەیی): (Nonverbal Communication)

لەڕووی مێژووییەوە لە پەیوەندیکردنی زمانی (گوتەیی) و زمانی نوسراو کۆنترە، بنچینەی دروستبوونی زمانە هەموو پرۆسەکانی لەیەك گەیشتن دەگرێتەوە، کە ناکرێت بەنوسین یان قسەکردن دەربڕێن یان بارودۆخ لەبارنییە بۆ دەربڕینیان بەنوسین و قسەکردن، گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا بەزۆری پشت دەبەستێت بەهەستی بینین و شیکردنەوەی بەیاسا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. یان دەکرێت بڵێین پەیوەندی ناگوتەیی هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە بێ زمان ئەنجام دەدرێت[*]. واتە تەنیا لە ڕێگەی هەستی بینین بەهۆی هێماو ئاماژەکان ئەنجام بدرێت. یاخود بریتییە لە و ئەدگارو ڕەفتارانەی (جگەلە قسەکردن)، کە لە کۆمەڵدا واتای جیاوازیان هەیە، جا ئەو ڕەفتارانە بەمەبەست بنێردرێن یا بەمەبەست لێکبدرێنەوە، لای وەرگر شاراوەیی لە کاردانەوەیان هەبێت. (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٨: ١١-١٢)

یان پەیوەندی کردنی نازمانی بریتییە لە گواستنەوەی پەیام بێ ئەوەی زمان بەکاربهێنرێت، واتە وشەو دەنگ تیایدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژەو هێماکاری و زمانی جەستە، یان دەکرێت هەندێك جار زمانی جەستەشی پێ بوترێت، چونکە زمانی جەستە دەکەوێتە ناو پەیوەندیکردنی نازمانی (ئەم هۆیانە لەزۆر ڕووەوە لەزمان دەچن، وەك زمان کاردەکەن و لەسەر یەك بنەما دەڕۆن (محمد معروف فتاح،٢٠١١:٢٣ )، دەتوانین بڵێین هیچ قسەکەرێك لێی بێ بەش نییە، ئینجا بە ئاگاییەوە بێت یاخود بێ ئاگایی بێت. لەکاتی پەیوەندیکردندا بەکارهێنانی زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی ئەو واتایەی دەتەوێت (ئەمانەش دوور لە دەربڕینی زمانی کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست لەم جۆرە بەکارهێنانە ڕاپەڕاندنی هەمان ئەو ئەرکانەیە، کە زمانی ئاخاوتن ئەنجامیان دەدات.(شنە ئەبوبەکر ئەحمەد، ٢٠٠١: ٢٢)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پەیوەندیکردنی زمانی بەتەنیا ناتوانێت دەربڕی پەیوەندییەکی تەواو پتەو بێت لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بەڵکو پێویستە گرنگی بە لایەنەکانی پەیوەندی نازمانیش بدرێت لەکاتی ئاخاوتن، چونکە پەیوەندی نازمانی پانتاییەکی گەورەی لە کلتور داگیرکردووەو بگرە لە زۆر کات و شوێن

[*] http://www.nus.edu.sg/celc/research/books/relt/vol٦/no١/٥١-٦٤gregersen.pdf

بەپێی پێویست و بە مەبەست لەبری پەیوەندیکردنی زمانی بەکاردەهێنرێت. زمانی بێدەنگی، هەندێ جار پڕسەروەترین دەستمایەیە بۆمرۆڤ، زمانی هێماو نیشانە و هەموو ئاماژەکانی تر، کەبایەخی خۆیان لەئاخاوتن داهەیە و مەبەست و واتای خۆیان لەڕێگەی بەکارهێنانەوە دەگەیەنن، واتا  تاوەکو ڕەوڕەوی مێژوو بەردەوام بێت زمانیش گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت. .( جەمیلە ئەحمەد حسەین،٢٠٠٨:٣٤)

٤- جیاوازی نێوان زمانی جەستەو زمانی ئاماژە ( کەڕو لاڵ):

به دڵنیاییەوە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم دوو زمانە، زمانی جەستە  بریتییە لەو جوڵەو ئاماژانەی، کە مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدەن و تیایدا دەست و پێ و گوزارشتەکانی ڕوخسارو ئاوازەکانی دەنگ و هەڵتەکاندنی شان و سەری تیادا بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی قسە بۆکراو  بەشێوەیەکی باشتر ئەو زانیارییانە تێبگات، کە دەیانەوێت وەریانبگرێت.(ئالن بیز، ٢٠١٤: ٥) واتە قسەکەر لەکاتی قسەکردندا دەیەوێت زمانی جەستە بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بە باشی پەیامەکەی بگەیەنێت، هەندێکجاریش تەنیا بە بەکارهێنانی زمانی جەستە بتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت.

بەلاَم زمانی ئاماژە: زمانی سروشتی کەڕو لاڵە، کە وشەو بیرەکانی پێ دەردەبڕن لە ڕێگەی جوڵەی دەستەکانەوە، بە تەواوەتی پشت بە ڕێکخستنی نێوان چاو توانای جوڵەی لەش دەبەستێت. (سازان رضا معین، ٢٠١٥: ١٠) واتە لە هەموو کاتێك زمانی ئاماژەو جەستە لەبری زمانی قسەکردن بەکاردەهێنێت.

یاخود  زمانی ئاماژە سیستەمێکە لە هێمای دەستی تایبەتی، کە نوێنەرایەتی هەندێك وشەو چەمك و بیری دیاریکراو دەکات و بە تەواوی پشت بە هەستی بینین دەبەستێت و، گونجاوە بە تایبەتی بۆ منداڵانی کەڕو لاڵی تەمەن بچووك، چونکە بە ئاسانی دەیبینن، ئەمە جگە لەوەی کە بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بە ڕێکخستنێکی ماسولکەی ورد نییە. (سازان رضا معین، ٢٠١٥: ٩) یان زمانی ئاماژە ئەو لقەی، کە لە پەیوەندیکردندا پێی دەوترێت زمانی ئاماژەی کەڕو لاڵ سیستەمێکی زمانییە، کە بۆ پەیوەندی ڕووبەڕوو داڕێژراوە، زمانی ئاماژە جۆرێك لە زمانە، کە بۆ گەیاندنی واتا (دەنگ) بەکارناهێنرێت. پێکهاتەی ئەم زمانە دروستکراوە یارمەتی کەڕو لاڵەکان دەدات بۆ لە یەکترگەیشتن و پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا. زمانی ئاماژە زمانێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو سیستەمێکە لە ئاماژە ئاڵۆزەکان نمایشی وێنەیین لە ڕاستییەکانی دەرەوە. واتە بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت مەبەست لە زمانی ئاماژە ڕێگاکانی چاو و دەستە، بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان کەسانی کەڕو لاڵ بەکاردەهێنرێت.

جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زمانی ئاماژەی کەڕو لاڵەکان و زمانی ئاماژەی جەستەدا هەیە، لەزمانی ئاماژەی کەڕو لاڵەکان دەستەکان بەشێوەیەکی ئاگایانەو بە شێوەیەکی زمانی بۆ دەربڕینی هەمان چوارچێوەی واتایی قسەکردن بەکاردێن، بەلاَم زمانی ئاماژە بە شێوەیەکی تەواو سیستەماتیك نییە، لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو ئاماژانە کەمن و بە شێوەیەکی تایبەت بۆ دەربڕینی بیروڕا سەرەکییەکان بەکاردێن. (شنە ئەبوبەکر ئەحمەد، ٢٠٠١: ٥٦)

**٥- بەکارهێنانی زمانی جەستە بەهۆی ئەندامانی جەستە و بەکارهێنانی زمانی جەستە لەگەڵ هاوکاری ئاماژەکان:**

**قسەکەر، کە زمانی جەستە بەکاردەهێنێت بە پێی کات و شوێن هەندێکجار تەنیا ئەندامانی جەستە وەك ئاماژە بەکاردەهێنێت وەك جوڵەی (سەر، گەردەن، دەم وچاو، شان، دەست و پەنجە،....هتد) واتە جوڵەی جەستە بەگشتی، بە نموونە: لە یاری تۆپی (پێ)دا کاتێك فاوڵ دەبێت یاریزانەکان دێنە لای ناوبژیوانەکە پاساو دێننەوە بۆ نەکردنی ئەم کارە ئەویش هەردوو دەست بەرەو ڕوویان بەرزدەکاتەوە، بەواتای بێ دەنگ بن خۆم ئاگام لێیە.**

**هەندێکجاریش لەگەڵ بەکارهێنانی جوڵەی جەستە پێویستی بە کەرەستەی هاوکاری ئاماژە بێت وەك لە یاری تۆپی (پێ)دا کاتێك ناوبژیوان ناو یاریگا دەیەوێت یاریزانێك سزا بدات لەسەر ئەو هەڵەی کردوویەتی، لەگەڵ بەرزکردنەوە یان جوڵەی دەستی فیکەو بەرزکردنەوەی کارت (زەرد، سور) بەکاردەهێنێت. واتە لێرەدا فیکەو کارتەکە پێیان دەوترێت کەرەستەی هاوکاری ئاماژە، ئەمانەش زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنی کەسانی بەرامبەرە.**

**٦- دەسەڵاتی ناوبژیوان: لەزمانی ئینگلیزی وشەی (Referee) بۆ ناوبژیوان بەکاردێنن، ناو بژیوان کەسی خاوەن دەسەڵاتە لەزۆربەی یارییە وەرزشییەکاندا، ئەو ڕابەرایەتی یارییەکە دەکات لەڕوانگەیەکی بێلایەنییەوە، دەبێتە چاودێر لەسەر ئەو یاساو بنەمایانەی بۆ ئەو یارییانە دانراوە، بۆنمونە لەو بڕیارانەی دەیدات وەك دەرکردنی بەرپرس (ڕاهێنەر) ی تیپەکە، ئەو بڕیارو یاسایانە لەلایەن (لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتییەوە لەڕێگەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبێ یاسا و بڕیاری لەسەر دەدرێت.**

**سەرەتا بەدرێژایی مێژوو سەرۆکی تیپەکان بەڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتری کێشە ناکۆکەکانی ناو گۆڕەپانی یاری یەکلادەکردەوە سەرەتا هەرتیپێك ناوبژیوانێکی بۆ خۆی دەستنیشان دەکرد، بەڵام پێی ناوترێت ناوبژیوان بەڵکو حوکمکار، کە سەرەتا پێی ڕازی دەبوو دەبوایە لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا دەبوو بەحوکمی ئەم دادوەرە ڕازی بێت، دواتر هەوڵدرا کەسی سێیەم جیاواز لەم دووکەسە هەرتیپەو وەکو دادوەر دیاریدەکرد، کەسی سێیەم وەکو بێلایەن زیاد دەکرا لەهەموو ئەو بارانەدا دادوەرو ناوبژیوان لەدەرەوەی گۆڕەپانی یاریکردن بوون، تاوەکو ساڵی (١٨٩١)ز بۆیەکەم جار ناوبژیوان هاتە ناو گۆڕەپانی یاری لەپاڵ ئەودا دوو کەس وەکو چاودێری هێڵەکانی لای ڕاست و چەپی یاریگاکە دەوەستان، بەڵام دەسەڵاتییان تەنها چاودێریکردنی چونەدەرەوەی تۆپەکە بوو لەهێڵی دیاریکراو، ئەمەش لیژنەی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی دیاریدەکەن، دواتر بۆزیاتر بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی یارییەکە تاوەکو پێنج ناوبژیوانی لاوەکی دادەنرێت و بەشداری لەحوکمی ناوبژیوان دەدەن، زۆرجار وەکو هاوکاری ناوبژیوانی سەرەکی، زۆر جاری واش بڕیاری یەکلاکەرەوە لەکێشەکان دەدەن.**

**دەسەڵاتی ناوبژیوان (دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ):**

1. **بەخشینی کارتی زەرد، لەدەرکردنی دووکارت کارتێکی سور دەبەخشێت.**
2. **بەخشینی کارتی سور، بەبێ پێشەکی کارتی زەرد بەهەر یاریزانی.**
3. **بەخشینی کارتی زەرد یان سور بەڕاهێنەری تیپەکان (مدرب).**
4. **ڕاگرتنی هەر یاریزانێك گەر توشی پێکان بوو، ئەگەر بزانێ پێکانەکەی ترسناکە بۆ یاریکردن، ئەمەیان زیاتر پێویستی بە ڕێگەپێدانی پزیشکی هەیە، دواتر هاوکاری یەکتر دەکەن.**

٥- پێدانی کارتی زەرد جگە لەهەڵەکانی یاریەکە، بۆئەوانەی جل و بەرگەکانیان لەکاتی گۆڵ تۆمارکردن لەبەر دادەنێن.

دەسەڵاتە ناڕاستەوخۆکانی ناوبژیوان:

١- دوای بەخشینی کارتی سور بەهەر یاریزانێك، دەتوانێت ڕاپۆرت بەرزبکاتەوە بۆ (فیفا)ی ئەو وڵاتە بۆ ڕاگرتنی ئەو یاریزانە بۆ زیاتر لە یارییەك.

٢- هەر یاریزانێك بووە خاوەن (٥) کارتی زەرد بەکۆی یارییەکانی وەکو کارتی سور مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و یاری دواتر ڕادەگیرێت.

٣- ڕاگرتنی ڕاهێنەر (مدرب)ی یانەکە ئەگەر ویستی بۆ زیاتر لەیارییەکی یانەکە نەیەتە ناو گۆڕەپای یاریکردنەوە، ڕاپۆرت بەرزدەکاتەوە.

٤- دەتوانێت یانەیەك لە هاندەری بێبەش بکات ئەگەر ڕەفتاری نابەجێیان ئەنجامدا ئەوەش دیسانەوە بەڕاپۆرتی ئەو دەبێت و ڕەزامەندی فیفای دەوێت.(Alex Yannis:١٩٩٤)

## تەوەری دووەم

## ئەو هێمایانەی لەناو یاریگادا بەکاردەهێنرێن

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەزمانی جەستەو هێماکانی ناو یاریگای تۆپی پێ (*) بکەین. ئەو زمانەی، کە لەکاتی یاریکردندا تیایدا بەکاردەهێنرێت تەنیا زمانی جەستەو زمانی هێماو ئاماژەیە، ئەو پەیوەندییەی کە لە ناو یاریگا ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی کەناڵێکی جوڵەییە، کە تێیدا زمان بەبێ گۆکردنی دەنگ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش چەند جۆرێکە ( ئاماژەکردن، نیشانەکان، ئاماژەی دەست و پەنجەکان، شێوەی ڕۆیشتن و شێوەی ڕاوەستان... بەجۆرێك گشتێنراوە، بینەرانی ئەم یارییە لە کۆدە نازمانییە بەکارهاتووەکانی تێبگات، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی جەستەی ناو یاریگا دەچێتە ناو خانەی کۆدە دروستکراوەکان ( کۆدی جوڵەی دروستکراو) لە پەیوەندیکردنی نێوان ناوبژیوانی یاری و یاریزانان و بینەرەکانیشی، چونکە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازین ، لە سایەی ئەم هەستە جیاوازانە دەتوانین ببیستین و ببینین و بۆن بکەین، ئەم فرە هەستییە وامان لێدەکات کۆدە ئاڕاستەکراوەکان وەرگرین ئەگەر کۆدی زمانیش نەبن، کەواتە جگە لە پەیوەندیکردنی زمانی لە سایەی هەستەکانمانەوە توانای پەیوەندیکردنی نازمانیشمان هەیە، ئەم شێوازەی پەیوەندیکردن ( زمانی بێدەنگ)یشی پێدەوترێت، لێکۆڵینەوە زانستییەکانی پەیوەندیکردن، ئاماژە بەوە دەکەن ئەو نیشانەو ئاماژە جەستەییانەی، کە لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێن هەڵدەستن بە دووبارەکردنەوەی ڕۆڵی پەیامی زمانی، ئەمەش پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی پەیوەندیکردنی زمانی بە نازمانی. (شنە ئەبوبەکر ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢٢-٢٣).

(*) یاری تۆپی پێ ئەو یاریەیە کە بەشێوەیەکی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت لە نێوان دوو تیپ هەر تیپێك پێك دێت لە (١١) یاریزان، یاری تۆپی پێ یەکێکە لە هەرە یارییە دیار و باوەکان لە جیهانی ئێستادا زۆرترین هاندەر و تەماشاکەری هەیە بەبەراورد بە یاریەکانی تر .

دەتوانرێت بگوترێت ئەوەی لەناو یاریگادا بە ڕێژەیەکی زۆر پەیوەندی نازمانی، یاخود کۆدە دروستکراوە گشتێنراوەکان بەکاردەهێنێت، بەو پێیەی چاودێری یارییە ئەویش ناوبژیوانی ناو یاریگاو لە ڕێگەی ئەو فیکەیەی بەدەستییەوەیەتی، کە هەر فیکە لێدانێك واتایەك دەگەیەنێت، وەکو لەو وێنانەی خوارەوە دەردەکەوێت و بە پێی وێنەکان واتاو ڕوونکردنەوەکان بەرامبەریان نووسراوە.

ناوبژیوانی ناو یاریگا: بەرپرسی سەرەکییە لە بڕیاردان بەتایبەتی لەهەڵوێست و جوڵەی هەڵەی یاریزانان و بڕیاردان لەسەری بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ لەناو یاریگا.



نیشاندانی سەرەتایی دەست پێکردنی یارییە، تیپی دەرەوەی بازنەکە بۆی نییە بێتە ناو بازنەکە تاکو یەکێك لەو دوو یاریزانەی لەناو بازنەکەیە شەق لە تۆپەکە نەدەن.



دەستبردن بۆ فیکە بەم شێوە ئاگادارکردنەوەیە بەواتایی، کە فیکەم لێدا، ئینجا تۆپەکە هەڵدە یان شەقی تێهەڵدە.




کارتی زەرد: لەکاتی هەڵەی یاریزانان یان لێدان لەیاریزانان دەدرێت بۆ ئاگادارکردنەوەیە لەهەڵە، ئەم کارتە لەلایەن ناوبژیوانی ناویارگاوە دەدرێت زۆر جار بە ڕاهێنەرەکانیش دەدرێت لەسەر هەڵە. جا قسە بێت یان جوڵە بێت. دوو کارتی زەرد لەیارییەك بۆ هەمان یاریزان ئەو یاریزانە دەردەکرێت.




ناوبژیوان لەکاتی پێدانی کارتی زەرد بە یاریزانێك لەسەر ئەو هەڵەی کردویەتی، یاریزانەکە داوای لێدەکات کارتی نەداتێ ناوبژیوانەکش پێی دەڵێت بێدەنگ بە.



کارتی سور: هەمان شێوەی کارتی زەرد بەهەمان کەسەکان دەدرێت بەپێدانی ئەم جۆرە کارتە ڕاستەخۆ بۆ دەرەوەیە.



ئەم کارتە سوورو زەردە ئاماژەیە بەوەی، یاریزانێك دوو کارتی زەرد لەسەریەك لە یارییەك وەربگرێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە کارتی سوورو دەکرێتە دەرەوە.



ئاماژەیە بۆ لێدانی فاوڵ ( foul).



ئاماژە بە دەست  بەم شێوەیە و فیکە لێدان لەگەڵی واتایی فاوڵی نزیك دەگەیەنێت یارییەکە ڕادەگیرێت.



ئاماژە بە دەست  بەم شێوەیە و فیکە لێدان واتایی فاوڵی دوور دەگەیەنێت یارییەکە ڕادەگیرێت.



دیاریکردنی دیوار بە سپرایی سپی لەکاتی لێدانی ڕاستەوخۆ(الضربة الحرة المباشرة )(*)، بۆ ئەوەی یاریزانان لەم هێڵە سپییە دروستکراوە نەچنە پێش و لانەدەن.

(*) لەکاتی لێدانی ڕاستەوخۆ یاریزانەکە ئازادە لەلێدانی تۆپەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆناو گۆڵ، ئەگەر تۆپ بچێتە ناوگۆڵەوە بەگۆڵ هەژماردەکرێت.

ئاماژەیە بۆ هەڵدانی لا ( رمیة التماس Out)[*]
بۆ لای ڕاست.



ئاماژەیە بۆ هەڵدانی لا (رمیة التماس)
بۆ لای چەپ.



ئاماژەیە بۆ لێدانی ڕاستەوخۆ(الضربة الحرة المباشرة  Direct free kick ) بۆ لای چەپ



[*] دوای دەرچوونی تۆپ لە هێڵی لاکان جا لەسەر زەوی بێت یان لەهەوا، هەڵدانی لا دروست دەبێت، شێوازی هەڵدانەکەی لەڕێگەی هەردوو دەستی یاریزانەکان ئەنجامدەدرێت بەمەرجێك نابێت لەکاتی هەڵدانی تۆپەکە، یاریزانەکە هێڵی لاکان ببڕێت و بێتە ناویاریگا، لەڕێگەی هەڵدانی لا ناتوانرێت ڕاستەوخۆ گۆڵ تۆماربکرێت.



ئاماژەیە بۆ لێدانی ڕاستەوخۆ (الضربة الحرة المباشرة Direct free kick ) بۆ لای ڕاست.




ئاماژەییە بەوەی کاتێك فاوڵ دەبێت یاریزانەکان دێنە لای ناوبژیوانەکە پاساو دێننەوە بۆ نەکردنی ئەم کارە ئەویش دەست بەم شێوە دادەنێت، بەواتای بێ دەنگ بن خۆم ئاگام لێیە.




بۆ ئاگادارکردنەوەی یاریزانە کاتێك هەڵە دەکات شایەنی ئەوە نییە کارتی پێبدرێت، بەمشێوە ئاگاداردەکرێتەوە بە دووبارەکردنەوەی کارتی زەردی پێدەدرێت.




لێرەدا فیکە لێدان بۆ ئەوەیە زوو تیمی فریاگوزارییەکە بێن یاریزانە لێدراوەکە بەرن بۆ چارەسەر.




ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ( التبدیل) یاریزان لەکاتی یاریکردن.




تابلۆی ئاڵوگۆڕ (لوحە التبدیل) بەرزدەکرێتەوە بەواتای یاریزانێك دادەبەزێت، یەکێکی تر دەچێتە شوێنی یاری دەکات،لەم وێنەیەدا ژمارە ( ١٤) دادەبەزێت، ژمارە (٣) دەچێتە شوێنی.



لەکاتی تەواو بوونی یاری ناوبژیوانی ناو یاریگا داوا لە یاریدەدەری ناوبژیوان دەکات کاتی زیادکراو (اضافی) بۆ یارییەکە بەرز بکاتەوە بۆ ئاگاداربوون لە کاتی زیادکراو.




ئەمە یاریدەدەری ناوبژیوانی ناو یاریگایە، لە دەرەوەی سنوری ناو یاریگایە، (لوحة التوقیت )بەرزکردنەوەی کاتی زیادکراوە بۆ ئاگاداربوون لە کاتی زیادکراو. لێرەدا دوو خولەك بۆ یاریکردن زیادکراوە.



ئاماژەکردن و فیکە لێدان لەلایەن ناوبژیوان ئەوە دەگەیەنێت پەنارتی گرتووەو یاریزانەکەش نارەزایی خۆی دەردەبڕێت بە شێوەیەك، کە پەنارتی نەبووبێت.



ئاماژەیە بۆ بوونی ئۆفساید (تسلل، offside)(*)



ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی یاری لە سودی ئەو تیپەی یاریزانی لێدراوە، یان لێی بەردراوەتەوە.



لە کۆتایی جێمی یەکەم، یاخود کۆتایی یاریی ناوبژیوان سەیری کاتژمێر دەکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری کات بێت کۆتاییە یان نا.

(*) کاتێك دروست دەبێت، کە یاریزانی بەرامبەر پێش هەڵدانی تۆپەکە لەلایەن یاریزانانی خۆیانەوە دەچێتە هێڵی ئەو دیوی یاریزانانی تیپی ڕکابەر بەمەش دەوترێت ئۆفساید.



دەست بەرزکردنەوەی ناوبژیوان بەم شێوەو فیکە لێدان لەگەڵی  واتای کۆتایی بە یاریکردن بێنن، یان یاریکردن کۆتایی هات.



ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کاتێك ناوبژیوانی ناو یاریگا لەگەڵ ڕاهێنەری یەکێك لە تیپەکان تووشی کێشەو ناخۆشی دەبن، بەڵام ناوبژیوانی ناو یاریگا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناتوانێت نە ڕاهێنەر نە هاندەران سزا بدات، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لای فیفا دەتوانێت سکاڵا لەسەریان تۆمار بکات.

ناوبژیوانی لایەکان (لایمەن Assistant referee) لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئاڵاکەی دەستی دەجوڵێنی بە ئاڕاستەی جیاواز بۆ هەر ئاڕاستەیەك واتایەك دەگەیەنێت، لە خوارەوە بە پێی وێنەکان ڕوونیان دەکەینەوە:



ئاماژەیە بۆ بوونی ئۆف ساید (offside) لەدوور.



ئاماژەیە بۆ بوونی ئۆف ساید (offside) لە نزیك.




ئاماژەیە بۆ بوونی ئۆف ساید (offside) لەناوەڕاست.




ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕی یاریزان، واتە دابەزینی یاریزانێك و چوونی یاریزانێکی تر بۆ یاریکردن.




جوڵاندنی ئاڵا بەم ئاڕاستەیە لەلایەن ناوبژیوانی لایەکان (یاریدەدەری ناوبژیوان) و وەستان لەو سوچەی یاریگا ئاماژەیە بۆ لێدانی تۆپ لەلایەن گۆڵچییەوە دوایی ئەوەی تۆپ دەکەوێتەوە دەستی گۆڵچی. (goal kick)




جولاندنی ئالاَ بەم ئاڕاستەیە لەلایەن یاریدەدەری ناوبژیوان و وەستان لەو سوچەی یاریگا ئاماژەیە بۆ بوونی  لێدانی سوچ (ضربة الركنية، corner kick)(*)

لەکاتی یاریکردنەکە ڕاهێنەرەکانی هەردوو تیپ هەندێك جوڵەو ئاماژە بەکاردێنن بەواتای جیاواز لە خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:



دەست بردنی ئەم ڕاهێنەرە بۆ سەر واتای ناخۆشحاڵی دەگەیەنێت لەو کاتەدا وا دەکات، کە گۆڵ لە تیپی ئەو کراوە، یاخود تیپەکەی نزیك بووە گۆڵ بکات، بەلاَم نەیکردووە.



بەرزکردنەوەی پەنجەی ئەم ڕاهێنەرەش بەم شێوەیە دەیەوێت بە یاریزانەکە، یان یاریزانەکان بلێت زۆر باش یاریدەکەن بەردەوام بن.

(*) کاتێك لێدانی سوچ بۆ تیپی هێرشبەر هەژماردەکرێت، ئەگەر تۆپەکە لەلایەن تیپی ڕکابەرەوە بچێتە دەرەوەی یاریگا لە ڕێگە پەڕینەوە لە هێڵی گۆڵ ئینجا لەسەر زەوی یاخود لەهەوا بێت، بۆ ئەنجامدانی لێدانی سوچ یەکێك لەو گۆشانە هەڵدەبژێردێت، کە تۆپەکە لە نزیکییەوە چۆتەدەرەوەو لەهیڵی گۆڵ پەڕیوەتەوە.

**ئەو جوڵەو ئاماژانەی، کە یاریزان دەیان کات لەناو یاریگا لەخوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:**




**ئەمەش پێکهاتە (تشکیلە)ی تیپێکە بۆ یاریکردن، لەوڕێگەیەوە پیشانی جەماوەرو بینەرەکانی دەدرێت، کە بەوشێوە یاری دەکەن. لەم وێنەیەدا پێکهاتەکە بەو شێوەیە: چوار یاریزان بەرگرییە، چوار یاریزان لە هێڵی ناوەڕاستە، دوو یاریزان هێرشبەرن.**



**کاتێك، کە یاریزانێك گۆڵ دەکات بەم شێوەیە یاریزانانی هەمان تیپ کۆدەبنەوەو لە باوەشی دەکەن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن.**




**خۆشحاڵی دەربڕینی ئەم یاریزانە ئاماژەیە بەوەی، کە گۆڵی کردووە.**



**ئەمە سەمای (سامبا)ی بەرازیلییە کاتێك یاریزانێکی بەرازیلی گۆڵ دەکات یاریزانەکە بە تەنیا بێت یاخود دوان یان زیاتر ئەو سەمایە دەکەن ، کە حەزیان لێیە. بۆ پیشاندانی خۆشحاڵی خۆیان.**




لەکاتی گۆڵکردن ئەو یاریزانە پەنجە دەخاتە دەمی ئاماژەیە بەوەی، کە تازە منداڵیان بووە و خۆشحاڵە بە گۆڵکردنەکەو بە منداڵبوونەکەیان.



دروستکردنی وێنەی دڵ بە دەستی ئەو یاریزانە کاتێکە، کە گۆڵی کردووە و ئاماژەیە بە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ جەماوەرەی لەوێ دانیشتوون هانیان دەدەن.




دەست بەرزکردنەوەی ئەو یاریزانە بەواتای حەوت گۆڵمان کردووە.



ئەمەش نیشاندانی هێزی خۆیەتی بە یاریزانان و جەماوەر لەکاتی گۆڵکردندا.



ئاماژەیە بە ناوەکەی و ژمارەکەی، کە ژمارە (حەوت)ە لەپشتەوە لەسەر فانیلەکەی نوسراوە، وەك ئەوەی بە جەماوەر بڵێت من هەم.



لەکاتی گۆڵکردن، دەستگرتنی ئەم یاریزانە بە گوێی واتای ئەوەیە زیاتر دەنگتان بەرزکەنەوەو با زیاتر گوێم لێبێت و هانمان بدەن.



ئەمەش کاتی گۆڵکردنە، ئاهەنگ گێڕان و وەك هەڕەشکردنێك بۆ تیپی بەرامبەر بەو ڕێگەیە بیەوێت پێیان بڵێت هەر ئێمە سەردەکەوین و دەیبەینەوە.



ئاڕاستەکردنی پەنجەی بەو شێوەیە، ئاماژەیە بەوەی یاریزانێك پاسێکی داوەتێ و کردوویەتە گۆڵ، لە هەمان کاتدا یاریزانەکە دەیتوانی خۆی بیکاتە گۆڵ. ئەویش بەو شێوە پێی دەڵێت ئەو گۆڵە هی تۆ بوو من کردم.




لەم وێنەیەدا دیارە یاریزانەکە  لە کۆتایی یارییەکە تۆپەکە لەگەڵ خۆی دەبا، ئەمەش واتایی ئەوەیە Hat-trick کردووە، واتا لە یەك یاریدا سێ گۆڵی کردووە.



هەندێك کات، کە تیپێك دەدۆڕێن لە یارییەك هەندێك لە یاریزانەکانی دەگرییەن وەك لەم وێنەیە دیارە، زۆر دڵتەنگ و غەمبارن بە سەرنەکەوتنیان.



لەم وێنەیەدا کاتی لێدانی سوچە(Corner)، مۆزێك دیارە یاریزانەکە دەستی بۆ بردووە، هاندەرانی تیپەکەی تر بۆی هەڵداوە، بەواتای ئەوەی تۆ مەیمونی وەکە سوکایەتییەك و ساردکردنەوەی لە یاریکردن. ئەمە زۆرجار وەك هەڵس و کەوتێکی ڕەگەز پەرستی سەیردەکرێت. لەو کاتەدا ناوبژیوانی ناو یاریگا ڕاستەوخۆ ناتوانێت هاندەران سزا بدات، بەڵکو دواتربەشێوەی ناڕاستەوخۆ لای فیفا دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات.




ئەو یاریزانە چەپڵە بۆ جەماوەر لێدەدات لە دوای دابەزین یاخود هاتنە ناو یاری، واتە زۆربەی کات لەهەردوو حاڵەتدا ئەم کردارە ئەنجام دەدرێت.



دەست ڕاگرتن بەو شێوە سوپاسکردنی یاریزانێکی مسوڵمانە بۆ پەروەردگار لەکاتی گۆڵکردندا.




لەکاتی گۆڵکردن دەست بەرزکردنەوە بەو شێوە سوپاسکردنی یاریزانێکی مەسیحی بۆ پەروەردگار نیشاندەدات.



وەستانی یاریزانان بەم شێوەیە ئاماژەیە بەوەی کاتێك، یاریکۆتایی دێت هیچ تیپێك گۆڵی نەکردووە، یاخود بڵێین هیچ تیپێك یارییەکەی نەبردۆتەوە، بەم شێوەیە دەوەستن بۆ پێشبڕکێکردنی لێدانی یەکلاکەرەوە پەنارتی بە نۆبە.




یەکێك لە یاریزانەکان لێدانی سزا (ضربة أو ركلة الجزاء، penalty)(*) ئەنجام دەدات، لەدوای لێدانەکە، ئەگەر تۆپەکە لە دەستی گۆڵچی بێتە دەرەوە ئەوا دووبارە یاریزانەکانی تیپی بەرامبەر دەتوانن بەردەوام بن لە یاریکردن و گۆڵ ئەنجام بدەن.

(*) یەکێکە لەلێدانە ڕاستەوخۆکان لەیاساکانی تۆپی پێ کاتێك دروست دەبێت، کەیاریزانێك هەڵەدەکات لەسنوری ناوچەی سزا وەك (بەرکەوتنی تۆپ بەدەست، لێدان لە یاریزانی تیپی بەرامبەر...هتد) ئەم لێدانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەدوری ١١م لەهێڵی گۆڵەوە ئەنجام دەدرێت، هەروەها نابێت هیچ یاریزانێك لەهەردوو تیپ لەکاتی ئەنجامدانی لێدانەکە بێتە ناو ناوچەی سزا، تەنها ئەو یاریزانەی، کە لێدانەکە ئەنجامدەدات لەگەڵ گۆڵچی تیپی ڕکابەر.



دروستکردنی وێنەی ژمارە دوانزە ئاماژەیە بۆ هاندەرانی تیپی خاوەن یاریگا، کە بە یاریزانی ژمارە دوانزە دادەنرێن.

## ئەنجام

١- بەپێی کات و شوێن هەندێکجار لە پەیوەندیکردندا، پەیوەندی نازمانی جێگەی پەیوەندی زمانی دەگرێتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە.

٢- ئەو زمانەی لەکاتی یاریکردندا بەکاردەهێنرێت و نیشان دەدرێت زۆربەی کات تەنیا زمانی جەستەو زمانی هێماو ئاماژەیە. واتە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەستی بینین ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە وەرگرتنی ئەو پەیامەی، کە زمانی جەستەی ناو یاریگا دەیگەیەنێت.

٣- زمانی ناو یاریگا دەچێتە ناو خانەی کۆدە دروستکراوەکان (کۆدی جوڵەی دروستکراو) ، بەجۆرێك کۆدە دروستکراوەکان گشتێنراون، یاریزانان و بینەرانی ئەم یارییە لە کۆدە نازمانییە بەکارهاتووەکانی تێدەگەن. بۆ نموونە: پێدانی کارتی زەرد ئاگادارکردنەوەیە لە هەڵەی یاریزانان، یاخود پێدانی کارتی سور ڕاستەوخۆ کردنەدەرەوەی یاریزانە بۆ دەرەوەی یاریگا و یاری دواترش ناتوانێت یاری بکات....هتد.

٤- زۆرجار ناوبژیوانی ناویاریگا لەگەڵ بەکارهێنانی ئاماژەکانی زمانی جەستە کەرەستەی هاوکاری ئاماژە بەکاردێنێت وەك بەکارهێنانی فیکەو کارت، ناوبژیوانی دەرەوەی یاریگا یاخود یاریدەدەری ناوبژیوان (لایمەن) پێدوترێت (ئالا) وەك کەرەستەی هاوکاری ئاماژە بەکاردەهێنێت، کاتێك فاوڵ دەبێت ئالاکە بە ئاڕاستەیەك بەرزدەکاتەوە بەپێی دووری و نزیکی فاوڵ ئالاکە دەجوڵێنێت.

## سەرچاوەکان

١- ئالن بیز، زمانی جەستە، و. سەلاّح سەعدی،، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- بێری یاسین حسین، هەندێ لایەنی پڕاگماتیکی فراوان (ماکرۆپڕاگماتیک) لەزمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢.

٣- جەمیلە ئەحمەد حسەین، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ماستەر،٢٠٠٨.

٤- حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩.

٥- سازان رضا معین، زمانی ئاماژە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کوردیدا(زمانی نابیستان وەك نمونە)،سکولا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، دکتۆرا، ٢٠١٥.

٦- شنە ئەبوبەکر ئەحمەد،زمانی جەستە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ماستەر، ٢٠٠٨.

٦٧- شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکاندا،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ماستەر،٢٠٠٨.

٨- عەبدولواحێد موشیر دزەیی، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥.

٩- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

١٠- منذر العیاشي، الاسلوبیة وتحلیل الخطاب، طبعة الاولى، المركز الانماء الحضاري، ٢٠٠٢.

١١-Alex yannis(١٩٩٤) soccer, the name game: New York.

١٢-http://www.nus.edu.sg/celc/research/books/relt/vol٦/no١/٥١-٦٤gregersen.pdf

## پوختەی توێژینەوەکە

توێژینەوەیەکی زمانەوانییەو لە بواری زمانەوانی کارەکیدایە بە ناونیشانی (زمانی ناو یاریگای تۆپی پێ)، بە مەبەستی نیشاندان و دەرخستنی تایبەتی و بەکارهێنانی زمانی جەستەی ناو یاریگای تۆپی (پێ)یە. توێژینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و دوو تەوەر پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەمدا سەرەتایەك دەربارەی زمان و پەیوەندیکردن، پاشان پێناسەی پەیوەندیکردنی زمانی و پەیوەندیکردنی نازمانی، جیاوازی نێوان زمانی جەستەو زمانی ئاماژە ( کەڕو لاڵ)، بەکارهێنانی زمانی جەستە بەهۆی ئەندامانی جەستە و بەکارهێنانی زمانی جەستە لەگەڵ هاوکاری ئاماژەکان کراوە.

. لە تەوەری دووەمدا چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی جەستەو ئاماژەکان لە ناو یاریگای تۆپی پێ و دانانی وێنەکان بەرامبەریان باسکردن و شیکردنەوەیان ئەنجامدراوە.

## خلاصة

البحث الموسوم ب (اللغة المستعملة في سوح ملاعب كرة القدم )يتصف البحث كونه يقترن بتصاوير ميدانية لترجمة الرموز المستعملة في هذا المضمار، يلج البحث في تفاصيل دقيقة للادوات و الآليات المستعملة في لعبة كرة القدم ، وهي دراسة تحليلية لانماط تلك الرموز و مضامينها و مدلولاتها، حيث تم ربط هذه الرموز بتصاوير واقعية قد حدثت خلال لعبة كرة القدم ضمن البطولات العالمية. يقع البحث على محورين : أولهما عبارة عن سرد تاريخي حول ظهور هذه اللعبة ، وكيفية تدويلها، و تم التطرق أيضا إلى لغة الجسد والترميز الادواتي ضمن آليات فك رموز هذه اللعبة . أما المحور الثاني فيتطرق إلى أهم الإشارات والرموز و الأدوات المستعملة في هذه اللعبة ، وسلطة الحكام في ميادين اللعبة و تجاوز سلطاتهم إلى خارج سوح اللعبات ، حيث يشمل المدربين ، و الإداريين التابعين لتلكم النوادي . بعد طرح النتائج و تصفيف المراجع و المستخلصات يختتم البحث.

## Abstract

This research entitled (the language of the area of football game) in the recent time this game became an important one among the others. The blueprint of the game contains several players (eleven versus eleven), from two teams or clubs, the authority of the referee govern the playing and He has efficiency to suspend the game. Our design in this research as the following: we have two chapters, the first one is about a brief history about appearance of football, and there rules .The second chapter referred to some things about body language a signs, and instruments which are used in this game, then we talk about direct and indirect authorities of the referee which some time a crossed the playing area. The conclusion, the ordering of the references' is the end of this paper.